# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەڕەی ڕاستی #٣
## ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)

**ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەم چیە؟**

لە سەر داواکاری حکومەتی عێراق، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) لە ڕێگەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ٢٥٧٦ لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ٢٠٢١ ئەرکی پێدراوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ، پشتیوانیکردن و هاوکاری کردنی حکومەتی عێراق و کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەوڵەکانی بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی شەفاف.

بۆ ڕێگری کردن لە هەر هەڵە تێگەیشتنێک: هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەم لە لایەن عێراقیەکان سەرکردایەتی دەکرێت و خاوەنداریەتی دەکرێت. ئەمە واتە کە دەسەڵاتداران و هاوبەشە عێراقیەکان تەواوی بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆ دەگرن.

هەروەها، سەرەڕای هاوکاری بەردەوامی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لە سەر تیمێکی بەهێزی نەتەوە یەکگرتووەکان داوەن بە ستافی زیاتر، پێش هەڵبژاردنی داهاتوو، بۆ چاودێری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن؛ لەگەڵ بەشداری کردن لە پشتیوانی لۆجستی و ئەمنی بۆ چاودێرانی نێودەوڵەتی و لایەنی سێیەمی هەرێمی کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بانگێشت کراون. سەرەڕای ئەمە، یونامی ئەرکی پێدراوە دەست بە هەڵمەتێکی ستراتیجی بکات بۆ هۆشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری بە دەنگدەرانی عێراق دەربارەی ئامادەکاریەکانی هەڵبژاردن، و چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیری هەڵبژاردنەکان لە پێش و دوای ڕۆژی هەڵبژاردن.

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، تیمێکی یونامی پێکهاتوو لە ڕاوێژکارانی هەڵبژاردن لە یونامی و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاوێژ و پشتیوانی پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەن لە بەغدا. نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی (OEA) نووسینگەی مەیدانی لە بەغداد، بەسرە هەولێر، کەرکوک و نەینەوا دامەزراندووە.

ڕاوێژکارانی هەڵبژاردنی یونامی ڕاوێژ و پشتیوانی و هاوکاری لە بواری بەڕێوەبردن، کردارەکان، هەماهەنگی مەیدانی، پەیوەندی و هۆشیارکردنەوە، بەڕێوەبردنی ئەنجامەکان، تەکنەلۆژیای زانیاری، کڕین، لۆجستی، ڕاهێنان، جێندەر، لایەنی یاسایی، چوارچێوەی ڕێکخستن، سکاڵا و تانەکان، دیزاینی گرافیک ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی کۆڤید-١٩ و ئاسایشی هەڵبژاردن پێشکەش دەکەن.

**چوارچێوەی یاسایی و میکانیزمی هەڵبژاردن چۆن لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی دەکرێت؟**

نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی ڕاوێژی یاسایی و تەکنیکی پێشکەش دەکات بۆ یارمەتیدانی لێژنەی یاسایی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ڕێنمایی، ڕێکار، ڕەفتارنامە، سیاسەتی هەڵبژاردن و ڕێکارە پێویستەکانی تر دەربکات کە لە یاسادانانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و یاسای هەڵبژاردنەوە سەرچاوەی گرتووە هاوتەریب لەگەڵ ستاندەر و باشترین کردارە نێودەوڵەتیەکان. سەرەڕای ئەوەش، پشتیوانی تەکنیکی لە لێژنەی یاسایی

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و بەشی سکاڵا و تێهەڵچوونەوە دەدرێت بۆ بەهێزکردنی میکانیزمەکانی بڕیاردان و پرۆسەی تێهەڵچوونەوەی تایبەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

**نەتەوە یەکگرتووەکان چ جۆرە پشتیوانیەکی کرداریی تایبەت پێشکەش دەکات؟**
بەشی کردارەکان و تەکنەلۆژیای زانیاریی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی گشت هەوڵەکان و پلاندانانی ڕۆژی هەڵبژاردن. چاودێری بەشەکانی لۆجستی، هەماهەنگی مەیدانی، تەکنەلۆژیای زانیاری، ڕاهێنان و ڕێکارەکان، تۆگ و ئاسایشی هەڵبژاردن دەکات.

پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی و پشتیوانی ڕاوێژکاری بۆ کردارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە لایەن تیمێکی ڕاوێژکارانی هەڵبژاردنی یونامیە کە لە لایەن ڕاوێژکاری باڵای کردارەکان و جێگری ڕاوێژکاری کردارەکانەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها تیمەکە ڕاوێژکارانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت لەگەڵ پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و گرافیک دیزاین، ڕاهێنان و ڕێکارەکان، هەماهەنگی مەیدانی و کڕین. بەشی هەماهەنگی مەیدانی ڕاوێژکارانی بۆ گشت نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەخۆ دەگرێت.

تیمەکە ڕۆژانە شان بە شانی هاوتاکانیان کار دەکەن - ڕاوێژ دەربارەی گشت بوار و قۆناغەکانی کردارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن پێشکەش دەکەن: تۆمارکردن، کاندیدکردنی پاڵێوراوەکان، ئامادەکاریەکانی کڕین و لۆجستی. لە کاتی ئێستادا، تیمی کردارەکان سەرقاڵی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ڕێکارەکانی دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگەکان، پرۆسەی کاندیدکردنی پاڵێوراوەکان و تیروپشکی دەنگدان، دیزاین و جێبەجێکردنی ڕاهێنانی هەرەمی و ئامادەکاریەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، پەرەپێدانی سۆفتوێر، نامیلکەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان، تەواوکردنی تۆماری دەنگدەران، ئامادەکردنی لیستی ناوەندەکانی دەنگدان، و تەواوکردنی پرۆسەکانی کڕین سەبارەت بە پەڕەی دەنگدان و مادده هەستیارەکان. تیمەکە شیکردنەوە بۆ هەموو بەشێکی پرۆسەکە دەکات و ڕاوێژ پێشکەش دەکات دەربارەی گۆڕانکاریەکان و پەرەپێدانی ڕێکارەکان کە شەفافیەتی پرۆسەکە بەرز دەکاتەوە.

**نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن (OEA) ی یونامی چۆن پشتیوانی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکات؟**
لە چوارچێوەی کردارەکانی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن، تیمی هەماهەنگی مەیدانی ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ هەر ١٩ نووسینگەکەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکات. تیمی هەماهەنگی مەیدانی لە لایەن ڕاوێژکارێکی هەماهەنگی مەیدانی و ٨ ڕاوێژکاری هەرێمی سەرکردایەتی دەکرێت، کە لە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەر یەک لە ناوچەکان بەرپرسیارن. ڕاوێژکارانی کردارە هەرێمییەکان لە لایەن خۆبەخشانی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاوێژکارانی نیشتیمانیەوە پشتیوانی دەکرێن، کە ڕاوێژکارە نیشتیمانیەکان لە ناو نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندان. ڕاوێژکاری هەماهەنگی مەیدانی بەرپرسیارە لە ڕاوێژدان بە بەشی هەماهەنگی مەیدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەربارەی پەیوەندیەکان و بەڕێوەبردنی گشتی نووسینگە مەیدانیەکان، دەسنیشانکردنی کێشەکان کە لە لایەن ستافی مەیدانیەوە ڕاپۆرت دەکرێن و دڵنیاکردنی ئەوەی گشت چالاکیەکان بەگوێرەی پلانی کرداریی بەڕێوە دەچن. تیمە مەیدانیەکانی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی لە ٦ شوێندان و ڕاوێژ پێشکەشی هەر ١٩ نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەن دەربارەی گشت بوارە کرداریەکان.

**نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی چۆن پشتیوانی بەشی کڕینی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات؟**
ڕاوێژکاری کڕین لە نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی پشتیوانی لە بەشی کڕینی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەکانی کڕینی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، بەلەخۆگرتنی دارشتنی پلانەکانی کڕین، سەرچاوە و داتابەیسی دابینکەر، گواستنەوە و بەڕێوەبردنی ڕێکاری پەیوەندیدار، توانستی کرداریی خزمەتگوزاریی و کەرەستە کڕدراوەکان، و بوارەکانی دانووستان. ڕاوێژکاری کڕین پشتیوانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردووە بۆ تەواوکردنی دانووستانەکان سەبارەت بە چاپکردنی پەڕەی دەنگدان و فۆرمە هەستیارەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و لەگەڵ گشت کەرەستە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی تیروپشکی دەنگدان.

**چ پشتیوانیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە تەکنەلۆژیای زانیاری و ڕاهێنانی کارمەندان پێشکەش دەکرێت؟**
ڕاوێژکاری ڕاهێنان و ڕێکارەکانی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن پشتیوانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات لەبواری پەرەپێدانی گشت ڕێکارەکان و پلانەکانی ڕاهێنان بۆ گشت قۆناغەکانی پرۆسەکە، بە تایبەتی دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگەکان. هەروەها کارەکە لە نزیکەوە هەماهەنگی بۆ دەکرێت بۆ لایەنە یاساییە پەیوەستەکان بە ڕاوێژ

سەبارەت بە یاساکان و ڕێنماییەکان. ئەرکە سەرەکیەکانی بۆ دڵنیاکردنی ئەوەیە کە گشت ڕێکارەکان بە کرداریی دەکرێن بە گوێرەی ڕێنماییەکان و شەفافن.

تیمی تەکنەلۆژیای زانیاری نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن پشتیوانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات لە گشت بوارەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان. تیمەکە پشتیوانی تیمی تەکنەلۆژیای زانیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات لە چالاکیە گرنگەکانی وەک پەرەپێدان و بەکارخستنی داواکاری دامەزراندنی بۆ ستافی ڕۆژی دەنگدان؛ تەواوکردنی تۆماری دەنگدەران، ئامادەکردنی داتابەیسی تۆمارکردنی کاندیدەکان؛ ئامادەکردنی سۆفتوێری خشتەکردنی ئەنجامەکان بۆ شیکردنەوەی فۆرمەکانی ژماردنی دەستی ئەنجامەکان، پەرەپێدانی ئەپلیکەیشنی GIS بۆ وەرگرتنی زانیاری جی پی ئێسی ناوەندەکانی دەنگدان، پێداچوونەوە و پشتیوانی کردنی کەرەستەی ئەلیکترۆنی و سۆفتوێر بۆ دەنگدان و گواستنەوەی ئەنجامەکان.